2=4خاڵ

3=2خاڵ

پرسیاری حەوتەم: 1=6خاڵ

2=2خاڵ

3=4خاڵ

پرسیاری هەشتەم: 1=6 خاڵ

2= 7خاڵ

3=5خاڵ

4=4خاڵ

5=3خاڵ

6=2خاڵ

پرسیاری نویەم: 1=7خاڵ

2=6خاڵ

3=4خاڵ

4=2خاڵ

پرسیاری دەیەم: 1=4خاڵ

2=2خاڵ

3=3خاڵ

4=5خاڵ

5=6خاڵ

6=1خاڵ

**ئێستا خاڵەکان کۆبکەوە و ئەو ئەنجامە دیاری بکە تا شیوەی کەسایەتیت بزانێت:**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە: -**

زیاتر لە 60 خاڵ: خەڵکی وا دەتبێنن کە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵت دەبی ئاگادار بێت

ــــ وەك کەسایەتی لوتبەرز، خوپەرست، و زاڵ دەتبێنن

ــ لەوانەیە هەندیک لەخەڵك بیانەویت وەك تۆ بن، بەڵام هەموکات متمانەت پێناکەن

لە 51 ــــ 60 خاڵ: -- خەڵکی وەك کەسێکی سرنج ڕاکێش و گوڕاو دەتبێنن

ــ کەسایەتیەکی ڕابەرایەتی هەیە بەسرووشتی، و بڕیارەکانت بەخێرایی دەدەیت.

ــ وەك کەسایەتی بوێر و، سەرکێش دەتبێنن،

ــ خەڵکی چێژ دەبینن لە هاوریتی کردنت بەهوی ئەو وزەیەی دەیبەخشیتە دەورووبەر

له 41 ــ 50 خاڵ: وەك كەسێكی شێرین و، چالاك، و كرداری دەتبێنن

ــ هەردەم ڕووناكی دەخاتە سەر خوی زوور هاوسەنگە بەجوریك وەك كەسێكی پارێزراو دەبێنریت

ــ تێگەشتوە، ڕیزی خەڵكی دەگریت، یارمەتیان دەدات و دڵخوشیان دەكات

له 31 ــ 40 خاڵ: وەك كەسێكی هەستیار، و ووردبێن و، كرداری دەتبێنن

ــ ژیر، و بەهرەدارە، بەڵام هاوسەنگە

له21 ــ 30 خاڵ: وەك كەسێكی بێزاركەر دەتبێنن

ــ زوور ئاگادار و ووردبێنی

كەمتر له 21 خاڵ: وەك كەسێكی شەرمن و ڕاڕا دەتبێنن كە ناتوانیت بڕیاڕ بدەیت

ــ هەندیك كەس وە كەسێكی بێزار كەر دەتبێنن، بەڵام ئەوانەی دەتناسن بەباشی وات نابێنن

ئایا تۆ کەسێکی دەمارگێری لە بیروبووچونەکانت

ئەم تاقی کردنەوە دەروونیە باسی خەسڵەتیك دەكات كەم تا زوور لەهەمووواندا هەیە ئەو خەسڵەتەش دەمارگیریە و دیاریکردنی دەمارگیری لە بۆچوون یان نەرمی نواندن لە مامەڵەکردن، ئەم تاقیكردنەوە دەرونیە وەك پیوانەیەکە بو ئاستی دەمارگیری یان نەرمی نواندن لە مامەڵەکردن لە هەریەکێك لە ئێمەدا...با کاغەز و پێنوسێك بێنین و پێکەوە بەڕاست و ڕەوان وەڵامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە بدەینەوە:

**وەڵامی پرسیارەکان بە خاڵیك دەبێت، یان بە نیو خاڵ، یان بە سفر دەبێت**

— گەر وەڵامەکەت بەڵی، یان نەخیر بوو و لەگەڵیدا ئاماژەی ئەستێرە (*) هەبوو ئەوە 1خاڵ بوخۆت هەژماربکە.

— گەر وەڵامەکەت بەڵی، یان نەخیر بوو و ئاماژەی ئەستیرەی لەگەڵدا نەبوو، 0 بوخۆت هەژمار بکە.

— گەر وەڵامەکەت "لەوانەیە " بوو ئەوە نیو خاڵ بوخۆت هەژمار بکە.

ئایا بووتۆ قورسە لە گفتۆگویەکی قوڵدا بوەستێت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخیر

ئایا وا دادەنێیت گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو لەگەڵ کەسێك کە بۆچوونەکانی دژی تۆ کارێکی ترسناکە؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

پێت باشترە پاڵەوان بێت تەنانەت گەر بشمرێت، بەڵام نەك ترسنۆکانە بژێت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا بە کەسێکی ڕاست و ڕەوان و ڕاستەوخۆ دەناسرێت لە گفتوگۆکانت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا هەندێك جار گرنگی بە وێژدان و پێوەرە ڕەوشتێکان دەدەیت لەبارەی ئەوەی چێ ڕاستە و چێ هەڵەیە؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

گەر وێستت شتێك بکەیت ئایە سازش لەسەر بڕیارەکەت دەکەی گەر هەر کۆسپێك بێتە ڕیگات؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا پێت وایە ئەوەی سیاسەت مەدارەکان دەیلێن تەنها زبڵ و خاشاکە

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا پێت وایە کە لەنێو ئاینزاکان تەنها یەك ئاین ڕاستە؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا پێت وایە دەبێت ڕیگا بە مرۆڤە تۆند ئاژووکان بدرێت بە ئاشکرا گوزارشت لە بێر و باوەڕی خۆیان بکەن؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر

کاتێك قسەی کەسانی تر ڕەت دەکەیتەوە هەوڵ دەدەی خۆت بکەیتە شوێنی ئەوان تا بێر و بووچۆنیان بزانێت؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا هەوڵی قایل کردنی کەسانی تر دەدەی تا هەوڕابن لەگەڵت لەبارەی ئاین و سێاسەت و ڕەوشت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا هەندێك جار مشتو مڕ دەکەیت تەنانەت گەر زانێشت هەڵەی؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا پێت وایە ڕێگای ڕووبەڕو بوونەوەت لەگەڵ یەکێك لە کێشەکان بەدڵنیایەوە باشترێن ڕیگایە؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا باوەڕت وایە هەمووان یەك بێرو باوەڕ و یەك بەهایان هەبێت کارێکی باشە؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا شتەکان زیاتر بە پلەی جیاواز دەبێنی نەك تەنها سپێ و ڕەش؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا پێت وایە مامۆستای باش و لێهاتوو ئەویە وات لێبکات پرسیار بکەیت نەك ئەوەی وەڵامی هەموو شتێکت پێ بڵیی؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا هەڵدەچێت کاتێك کەسانی تر دان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا هەندێك جار هەست دەكەیت نازانیت دەنگ بە چ سیاسەت مەدارێك یان حزبێك بدەیت لە هەڵبژاردنی داهاتوو؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر

ئایا باوەڕت وایە كەلتۆرەكانی تر شتی زووری تێدایە لەوانەیە بتوانێن بەكاری بهێنین؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا ئاسانە بووتۆ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خەڵكانیك كە ڕابردوویەكی كەلتوری جیاوازیان هەیە لەگەڵ ڕابردووی تۆ؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا پێت وایە هەندێك جار پێویستە هێز بەكار بهێنرێت تا كەسانی تر باوەڕ بە هزرێكی دیاریكراو بهێنن یان ئەوەی تۆ بەڕاستی دەزانێت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا بووچۆنی خۆت دەگۆڕیت بۆ خاتری یەكێك، گەر ئەو نەیتوانێ بە لۆژێك باوەڕت پێی بهێنیت؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

پێت وایە لەنێو هەموو تێڕوانینێك كەمێك ڕاستی تێدایە؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

زووربەی جار قسەكانت دووبارە دەكەیتەوە تا دڵنیا بێتەوە لە تێگەیشتی كەسانی تر لێت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا گرنگی بە تێڕوانینەكان دەدەێت و لێكوڵێنەوە لە كۆمەڵە تێڕوانینیكی جۆراو جور دەكەێت پێش بڕیار دان؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

ئایا یەك هۆكارێ سەرەكی دەكەێتە بزوێنەری بنەڕەتی ڕەفتارەكانت؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا هەست بە ناخۆشی دەكەیت بەهوی بڵاوبوونەوە و زاڵبۆنی نەفامی لەنێو خەڵكی لەڕووی كۆمەڵایەتی یان سێاسی؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا هەست بە شپرزەیی دەکەیت کاتێك چارەسەرێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ نەبێت بو کێشەیەکی دیاریکراو؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا وای دادەنێت کەسانی تر لە زووربەی بوارەکاندا گەمژەن بە جورێك هەست دەکەیت پێویستیان بە ئاڕاستەکردن هەیە؟

بەڵی * — لەوانەیە — نەخێر

ئایا وای دادەنێت کە تێڕوانینەکانی تر جگە لەتێڕوانینی تو گونجاو و باشن؟

بەڵی — لەوانەیە — نەخێر *

**شێکارکردن:**

ئەو کەسانەی لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە خاڵی بەرز بەدەست دەهێنن بە کەسانێکی دەمارگێر لەقەڵەم دەدرین لە بێروبووچونەکانیان، وە کۆمەڵە تێڕوانێنیکیان هەیە قایل نابن گفتوگۆی لەسەر بکەن و لەوانەشە پارێزگاریەکی توند لەو بێرو بووچونانەیان بکەن، و کەسانی تر بە دۆژمن یان ڕکابەر بزانن.

بەڵام ئەوانەی خاڵی کەمیان بەدەست هێناوە ئەوە کەمتر تۆندن، ئەو کەسانە توانای فێربوونێان هەیە لە هەڵەکانیان و خۆیان پێش دەخەن و ڕیزیان بو کەسانی تر هەیە.

تێکڕای سرۆشتی بۆ ئەم خەسڵەتە لەنێوان 13 بو 14 خاڵە، وەك بەم جۆرەی خوارەوە:

نەرمی نواندن لە مامەڵەکردن 1 2 3 4 5 6 7 8 9 10 11 12 13

دەمارگێر 14 15 16 17 18 19 20 21 22 23 24 25 26 27 28 29

## کەسایەتی خۆت تاقی بکەوە لە هاوڕیەتی

هاوڕیەتی ڕاستەقینە بەخششە هێچ کەسێك ناتوانێت بەبێ هاوڕیی ژیان بکات...سةبارةت بةتو ئەو خەسڵەتانە چێن کە پیویستە هەبن لە باشترێن هاوڕیت؟

تۆ کەسێك بەباشترێن هاوڕیت هەڵدەبژێری چۆنکە؟

أ.ئەو هەمووکات ڕاست و ڕەوانە لەگەڵت و فریوت نادات

ب.لە هەمووشت پاڵپشتیت دەکات

ج.هەمان ئارەزوو و ئامانجی تۆی هەیە

د.باروودۆخی کەسانی تر لەبەر چاو دەگرێت

پێت باشە لەنێو خەسڵەتەکانیدا ئەمانەشی تێدابێت؟

أ.متمانەی بەخۆی هەبێت

ب.لۆژیکی و خاون هزریکی جوان بێت

ج.گەشبێن، و کەسێکی ڕووخۆش بێت

د.لەهەموو کارەکانت هاوڕا بێت لەگەڵت

بە مەبەستی بەردەوامی دان بە پەیوەندێت لەگەڵ باشترێن هاوڕیت دةبیت؟

أ.هەندیك لە سرۆشت و مامەڵەی خۆت چاك بکەیت تا زیاتر پێکەوە بەردەوام بن

ب.نابێت هەوڵی گۆڕانی تۆ بدات گەر توی بەدڵ نیە با بڕوات

ج.پێویستە یەکترێ قبوڵ بکەن بەو جورەی کە هەن

د.پێویستە ئەو خۆی بگۆڕیت تا بەدڵی تۆ بێت

کاتێك لەگەڵ کەسانی تر دەبن لێی دڵگران دەبی گەر؟

أ.گرنگی نەدات بەکەسانی تر

ب.هاوڕات نەبێت

ج.بێزار دەربکەوێت

د.زیاتر لە تۆ سرنجی کەسانی تری بۆخوی ڕابکێشیت

گەر کێشەیەکت هەبێت پێشبینی دەکەی؟

أ.یارمەتێت بدات لەبارەی بڕیار دان

ب.پاڵپشت و هاوسۆزت بێت

ج.جێت بهێلیت

د.کێشەکانی خۆی نەخاتە سەر کێشەکانی تۆ

گەر زووربەی وەڵامەکانت (أ) بوو: تۆ پیویستت بە هاوڕیەك هەیە خاوەن کەسایەتێکی بەهێز بێت وەك بەرپرسیاری تۆ بێت لەکاتی پێویستی وەك دایک و باوکت ئامۆژگاریێت بکات

گەر زووربەی وەڵامەکانت (ب) بوو: تۆ کەسێکی کردارەکێت و لەدوای هاوڕیکی هاوسەنگ و جێگیر دەگەڕیت.

گەر زووربەی وەڵامەکانت (ج) بوو: ژیانت وەك شاری یاری منداڵانە، لەکەسێك دەگەڕیت هەمێشە یاریێت لەگەڵدا بکات، واتە کەسێکی گەشبێن و پڕ لەئۆمید و چالاك بێت

گەر زووربەی وەڵامەکانت (د) بوو: تۆ لەدوای قۆربانیەك دەگەڕیت، وەك کویلەیەك ملێ کەچ بکا بووت و لەهەموو شت گویڕایەڵت بێت.

## خۆت تاقی بکەوە و جۆری شەرمنیت بزانە

شەرمنێ خەسڵەتیکی خۆشەوێستەلەلای کچان بەشیوەیەکی گشتی، وشەرمنی کۆمەڵایەتی زووریك لە کچان دەگریتەوە...بەتایبەتی کچانی تەمەن بچووك کاتێك دەڕوون بو شوێنی گشتی یان کۆبوونەوەیەکی خێزانی...بەڵام شەرمنی دەروونێ بابەتێکی ترە...ئەم جۆرە شەرمنیە لەوانەیە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر ڕەفتار و کەسایەتی..گەر شەرمنی کۆمەڵایەتی بە پیێ تێپەڕبوونی کات کەم بێتەوە یان نەمێنی، بەڵام شەرمنی دەروونی تۆندو و تێژە و بە ئاسانی ناتوانی لێی ڕزگارمان بێت لیێ، ئەم تاقی کردنەوەیە یارمەتی زانێنی جۆری شەرمنیت دەدات تا باشتر خۆت بناسێت.

* کاتێك بانگێشت دەکرێت بۆ ئاهەنگێکی گەورە؟

أ— دەست بەجێ بە بانگێشت نامەکە پەسەند دەکەم

ب— کەمێك ڕاڕا دەبم دواتر دەڕووم

ج— زوور ڕاڕا دەبم و لەوانەیە داوای لێبوردن بکەم و نەڕووم

* گەر پرسیاریکی پێشبینی نەکراوت لیێ کرا لە دانێشتنیکی گشتی؟

أ— وەڵام دەدەمەوە یان بەشیوەیکی جوان داوای لێبوردن دەکەم بۆ وەڵامەکەم

ب— هەست بە شڵەژان دەکەم و داوا دەکەم پرسیاریکی تر بکەن

ج— تۆشی زمانگێران دەبم و نازانم چۆن ڕەفتار بکەم

* گەر هاوڕیەکت بێرو بووچونی ڕەوانی لە تۆ وویست لەبارەی هاوڕیەکی؟

أ— بەڕیکی قسەدەکەم و وەڵامێکی ڕوون نادەمەوە

ب— بووچۆنی خۆم دەڵیم دواتر پەشێمان دەبمەوە

ج— بە ڕوونی دەڵیم من پێم باشترە بووچۆنی خۆم دەرببڕم بە ئامادەبوونی ئەو هاوڕیەت

* گەر لەبارێکی ستەم لێکراو بوویت، لەگەڵ خێزانەکەت یان لەشوێنی کارەکەت؟

أ— بێ هێچ دوو دڵیەك پارێزگاری لەخۆم دەکەم

ب— سکاڵای بارووذۆخەکەم دەکەم لای هاوڕیەکی نزیکم

ج— هەست بە نائۆمیدی و خەمووکی دەکەم

* ڕەفتاری کەسێکی نزیکت بێزارت دەکات وە هەندێك جار شەرمەزارت دەکات چێ دەکەیت؟

أ— بەدوای هەلێکی گۆنجاو دەگەڕیم تا بەڕوونی پێی بڵیم

ب— ڕاڕا دەبم و هەوڵ دەدەم لە دەوورەوە ئاماژە بەبابەتەکە بدەم

ج— نەتوانم بە ڕاشکاوی پێێ بڵیم

**ئەنجام:**

**گەر زووربەی وەڵامەکانت (أ) بێت:**

لە هەندێك باروودۆخ شەرمنی کۆمالآیەتێت هەیە بەتایبەتی لە شوێنە گشتیکان یان ئاهەنگە گەورەکان..

بەلأم چەند ڕەفتاریك هەیە یارمەتێت دەدات تا ئەو شەرمنیە تێپەڕێنیت بۆ نمونە دەوروبەری خۆت دەولەمەند بکە بە هاوڕی کە دەبێتە هۆی کەم بوونەوە یان شەرمەزارێت لیێ دوور دەخاتەوە..بەشیوەیەکی گشتی شەرمنیکەت باشە و نابێتە کۆسپ تا ڕاشکاوانە بووچۆنی خوت دەرببڕیت

**گەر زووربەی وەلأمەکانت (ب) بێت:**

شەرمنێ کۆمالآیەتی و دەروونێت هەیە بەلأم سنورداره لە بارووددۆخی دیاریکراو.

ئەوەی جێگای سەرسامیە ئەوەیە تواناى تێپەڕاندنی شەرمنێ دەروونێت زیاترە لە تواناى تێپەڕاندنی شەرمنی کۆمەلآیەتیت.

بەگشتی دەتوانی خۆت بگۆنجێنی لەگەڵ دەورووبەرت بێ ئەوەی شەرمنێ ببێتە کۆسپێکی گەورە.

ئامۆژگاری بۆتوو: ڕاڕا بوونت خەلکانی تر تۆشی شلەژان دەکات، هەولدە کەمێ بکەێتەوە، و بەم جۆرە چاونەترس و ئازا دەردەکەوێت لە بارووددۆخە جێاوازەکان

**گەر زووربەی وەلأمەکانت (ج) بێت:**

تۆ پیۆێستت بە هەولدانێکی زوور هەیە تا بەسەر شەرمنێت زاڵ بێت کە زوور جار ڕات دەکێشیت بەرەو گۆشەگێری..هەنگاو بە هەنگاو خۆت ڕابهێنە لەسەر ئازایەتی لە بارووددۆخە جێاوازەکان

**جوری خۆشەویستیێت بزانە، ئایا خۆشەویستیەکی هەرزەکارانەیە یاخود ڕاستەقینەیە؟!**

هەوڵەکانی هەندیك لە کچان بو سرنج ڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەر بە دیارترێن نێشانە دادەنریت لەماوەی هەرزەکاریدا هەروەها گەڕان بەدوای چیرۆکیکی خۆشەویستی و سوزداری بوتە دیاردەیەکی فراوان، ئایا ڕووژیك لەخۆتت پرسیوە من بچووکم بو خۆشەویستی هەروەك گەورەکان وا دەڵین؟

دەست بەم تاقی کردنەوەیە بکە، وەڵامی بەڵی یان نەخێر بدەوە.

1.ئایا ڕووژیك هەبووە کەسێکت خوش بوویت بەبی وویستی خوت؟

2.ئایا بەردەوام بەدوای هەواڵی ئەستێرەیەکی جیهانێوە بویتە بەشیوەیەك سرنجی کەسانی دەووروبەرت بو خۆت ڕاکیشابێ؟

3.ئایا ئەو پوشاکانە لەبەر دەکەیت کە باون یان ئەو پوشاکانەی کە ڕەنگی نامویان هەیە؟

4.ئایا بیرۆکەت ماوە ماوە دەگۆڕیت لەبارەی ئەو کوڕەی کە چاوەڕوانی دەکەیت؟

5.ئایا زوور ئارەزوو دەکەیت کە ئەزموونی هاوڕیکانت ببیستی لەبواری خۆشەویستیدا، واتە بەجوریك چەندەها کاتژمێر قسە بکەیت لەو بارەیەوە تا ناوەڕووکی بابەتەکەی بزانێت؟

6.میوزێك یان گورانی بە دەنگی بڵند دادەگرسێنی لە ئوتۆمبێلی باوکت یان لە ژوورەکەی خوت؟

7.بەشیوەیەکی خراپ دەگریێ لەکاتی سەیرکردنی فیلمێکی ڕوومانسی بەتایبەت کاتێك ئەکتەرەکان جیا دەبنەوە؟

8.ئایا ئاشقی خوێندنەوەی ڕوومانی خۆشەویستیێت؟

**ئەنجام:**

گەر زوورینەی وەڵامەکانت " بەڵی " بوو ئەوە تو زوور بچووکی بو بەستنی پەیوەندی سوزداری و نەگەیشتووی بە قۆناغی پیگەیشتن تا کەسێکی گونجاو دەست نێشان بکەیت و لەگەڵیدا ژیان بکەیت تو بە قوناغیکدا تێپەڕدەبێت وەك هەموو هەرزەکارێك.

گەر زوورینەی وەڵامەکانت " نەخێر " بوو ئەوە تو زوور هاوسەنگێت و درك بەوە دەکەێت کە خۆشەویستی ڕاستەقێنە پێویستی بە کاتی گونجاو هەیە و تو ئەو خۆشەویستیە ئەفلاتونیەت لا پەسەند نیە کە هێچ بێرکردنەوەیەکی لوژێکی تیدا نیە و چاوەڕوانی پەیوەندیەکی دڵخوشی ڕاستەقێنەت بو دەستەبەر بکات و پەلە ناکەیت لە بە دەستهێنانی.

## تاقی کردنەوەی ژیری سۆزداری

Emotionl Intelligence Test , (EQ)

پێشەکی لەبارەی ژیری سۆزداری:

گۆمانی تێدا نیە ژێری بەشێوەیەکی گشتێ گرنگ و پێویستە لەژیانی کەسەکان و لەتویژینەوە و سەرکەوتن لە کاردا...هەروەها ژیری سۆزداریش بەهەمان شێوە پێویستە وەک ژیری گشتی.

دەتوانێن بڵین ژیری سۆزداری مەرجێ پێش وەختە بۆ گەشە پێدان و بەدەستهێنانی توانای ئەقڵی جۆراوجور.پێویستمان بەوەیە هەستکانمان بناسێن و وەسف و پێناسەی گۆنجاو بدەین بە هەست و پێداوێستیکانی ناخمان.

دوای هەموو ئەمانە...پێویستمان بەوەیە خۆمان چالاك بکەین و هەمووتوانای ناخمان بجوڵێنین وەك وزەی ناخ، هەوڵدان، نەرم و نیانی، ئارام گرتن...دواتر بەرەو سەرچاوەی دەرەکی بڕووین لەوانە...درووستکردنی توڕیکی پەیوەندی کۆمەلایەتی چالاک لەڕیگای لیك تێگەیشتن و گفتووگۆی سەرکەوتوو، تێگەیشتن لە پێویستی مروڤەکانی تر، هاوسووزێ بوونت لەگەڵیان، و دیاریکردنی سنوور لەنێوان خۆدی خۆت و کەسانێ تر.

**تاقیکردنەوەی ژیری سۆزداری:**

لەم تاقی کردنەوەیە پێویستە کاغەز و پینوس بێنیت و وەڵامی 17 پرسیار بدەیتەوە..بۆ هەر پرسیاریك لەوەڵامەکەی پێنج هەڵبژاردنی لەخۆ گرتووە، لەهەر پرسێاریك یەك وەڵام هەڵبژیرە و ژمارەی پرسێارەکە و ژمارەی وەڵامەکەت بنووسە..دواتر هەمویان کۆ بکەوە و ئەنجامەکەت ببێنە لە تاقیکردنوەی ژیری سۆزداری.

1.کاتێك هەست بە بێزاری دەکەم، نازانم کێ بێزاری کردووم یان ئەو شتەی بێزاری کردووم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ه— هەرگێز

2.هەموو کەس کێشەی هەیە..بەڵام شتانێك زوور هەن لەمندا هەڵەیە..بۆیە ناتوانم خۆم خۆش بوێت؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ه— هەرگێز

3.هەندێك کەس هەیە وام لێکەن هەست بکەن کەسێکی خراپم، هەرچیەك ئەنجام بدەم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگیز

4.کاتێك هەڵەیەك دەکەم دەستەواژەی ڕووخێنەر بەخۆم دەڵیم بۆ نموونە: من کەسێکی شکست خواردووم، یان ناتوانم کارێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگیز

5.هەست بە شەرم و شڵەژان دەکەم کاتێك هەستەکانم دەردەبڕم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

6.هەندێك جار هەست بەوە دەکەم کەسێکی بەهێز و بەتوانام؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

7.کاتێك سەرپەرشتیاری کارێك یان ئامانجێکی دیاریکراو دەکەیت، چەند کۆسپیکت دێنە پێش ڕیگر دەبن لە گەیشتنت بە ئامانجەکانت؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

8.ناتوانی بووەستێت لەبێرکردنەوە دەربارەی کێشەکانت؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

9.بەلاتەوە باشترە ئاسایی و سارد ڕەفتار بکەیت تا کەسێ بەرامبەر باش بناسێت؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

10.بووم سەختە چەند شتێك بلێم بۆ نموونە " تۆم خۆش دەوی " تەنانەت گەر بەڕاستێش ئەو هەستەم هەبێت؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

11.من هەست بە بێ تاقەتی و بێزاری دەکەم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

12.من پەرێشانی شتانێك دەبم کە زووربەی کات کەسانی تر بیرێشی لێ ناکەنەوە؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

13.پێویستیم بە پاڵپشتی کەسێکە تا بەردەوام بم؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ه— هەرگێز

14.ژیانی من لێوان لیوە لە ڕیگای داخراو؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ه— هەرگێز

15.کارەکەم بەلاوە پەسەند و باش نیە تا کەسێك پێیا هەڵنەدات؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

16.کەسانی تر پێت دەڵین " زیادە ڕوویێ دەکەیت لە کاردانەوەت بۆ کێشە بچووکەکان ؟"

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

17.من دڵخۆش نیم وە هۆکارەکەشێ نازانم چیە؟

أ — زووربەی کات

ب— هەموو کات

ج— هەندێك جار

د— کەم جار

ە— هەرگێز

**ئەنجامی تاقی کردنەوەی ژیری سۆزداری:**

لە 17 پرسیارەکەی ڕابردوو بۆ هەموو وەڵامەکان ئەم نمرانەی لەسەرە:

أ = 1

ب= 3

ج= 5

د= 7

ە= 9

ئەو نمرانە بنووسە کە بەدەستت هێناوە لە هەر پرسیارێك، دواتر ئەو نمرانەی بەدەستت هێناوە کۆی بکەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەت بزانە.

ژیری سۆزداری زوور نزم = 50 تا 70 نمرە

ژیری سۆزداری نزم = 70 تا 85 نمرە

ژیری سۆزداری مام ناوەند = 85 تا 115 نمرە

ژیری سۆزداری بڵند = 115 تا 130 نمرە

ژیری سۆزداری بلێمەتانە = 130 تا 150 نمرە

## چەمکی کەسایەتی

## Personality concept

کەسایەتی قورسترین دەستەواژەیە لەڕووی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن، بە کورتی کەسایەتی واتا ” بنیادی تایبەتی خەسڵەتی تاکەکانە کە بەرپرسە لە دیاریکردنی ڕێگای خوگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری ".

بووماوەیی، پێگەشتووی، شێوازی گەشەکردنی لە قوناغی مندالّی، و پالّنەرە کومەلّایەتیکان کە لەڕێگای فێربوونی ئەزموونەکان بەدەستهاتوون هەموو ئەمانە ڕۆلّی گرنگی هەیە لە پێکهینانی کەسایەتی.

### بێردووزی کەسایەتی

بێردووزەکانی کەسیتی بریتییە لەو هەولّانەی کە ئامانجی وەسفکردنی بنیادی گشتی کەسایەتیە کە ئاماژەیە بە تاکڕەوی کەسایەتی

چەندێن بیردووزە هەن مەبەستیان پولّینکردنی کەسایەتیە، لەوانەش:

**بێردووزی شێوازەکان "trait theories "**: لێرە کەسایەتی پولّین دەکریت بە پیێ شیوازی جەستەیی (ئەندوموف، میز و موف، ئەکتو موف) و فیسێولووژی (خوێناوی، ڕەش، زەردبوو)، ڕەفتاری (ڕووکراویی " انبساطیة "، گۆشەگیر " انطوائیة ")

**بێردووزی جوورێتی " type theories "**: لیرە لەبری ئەوەی هەولّی پولّینکردنی تاکەکان بدەین لەسەر بنەمای شێوازی ڕەفتاری دیاریکراو، بەلّکو پولّینیان دەکەین لەسەر بنەمای فەراهەمکردنی هەندیك جووری ڕەفتاری کە گوزارشت دەکات لە لە بەشێکی کەسایەتی.

بەناوبانگترین بیردووزی جووریتی دەگەڕیتەوە بو " کاتل “ کە سایەتی پێناسە دەکات بەوەی " بریتیە لە کومەلیك جووریتی بە ئاستی جیاواز، ئەم جووریتیانە بەرپرس بوو لە ڕیکخستن و جیگیرکردنی ڕەفتارەکان.

کاتل جوریتیکان دابەش کرد بو ڕووکاری و ناوەندی، جووریتی ڕووکاری بریتیە لە جووریتی دیار کە ڕەفتاری بینراو و ئاشکرایە بە ئاسانی تێبینی دەکریت، وەك " شەڕانگیزی ".بەڵام جووریتی ناوەندی ئەوانەیە کە جووریتی ڕووکاری لیوە سەرچاوە دەگرن وەك " ئارەزووی زاڵبوون " کاتل لە هەوڵی ئەوەدا بوو جووریتی ناوەندی دیاریکراو بدووزیتەوە بێکاتە ژیر تاقی کردنەوە و ببێتە پیوەریك بو پیوانەی کەسایەتی تاکەکان، ئەم جووریتیانەش ناودەبریت بە " 16 فاکتەرەکانی کەسایەتی ".

**بیردووزی فیربوون " learning "** بیردووزی فیربوون هەوڵدەدات ئەزموونە تایبەتەکان بدووزیتەوە کە پەیوەندی دارە بە سزا و پاداشت کە کاریگەری هەیە لە پیکهاتەی کەسایەتی

**بیردووزی ڕووڵ بینین " role playing ":** بریتییە لە وەسفکردنی تاکەکان لەڕیگای ئەو ڕووڵانەی کە کومەڵگا دەیسەپینیتە سەریان.وەك ڕووڵی باوك لەگەڵ منداڵەکەی، و ڕووڵی منداڵ لەگەڵ دایك و باوکی، و ڕووڵی برا، و ڕووڵی پیشەیی، ڕووڵی هاوسەر، و ڕووڵی پیاو...هتد دەبێت تاك ڕووڵە جیاوازەکان فێر ببیت.

**بیردووزی گەشەکردوو " developmental ":** بیردووزی گەشەکردن واتا تویژینەوە کردن لەبارەی کەسایەتی تاك لە قوناغەکانی گەشەکردن و فشار و بەرهەڵستیکان، لەساتی یەکەمی ژیانی تاك کەسایەتیکەی درووست دەبێت تا کوتایی قوناغەکانی گەشەکردنی.

**گەشەی سێکسی / سایکولووژی " Psychosexual "** بە پێێ فروید گەشەی سیکسی بەچەندین قوناغ تیپەڕ دەبیت ئەوانەش: دەم، کۆمی، چووك، کپبوون، ئەندامی زاوزیی.

گرنگی قوناغی چووك لە گریی ئودیب دەردەکەویت، کاتیك جیگیربوون ڕوودەدات لەم قوناغە پینەگەشتوویی سیکسی و سوزداری ڕوو لە کەمبوون دەکەن، بەڵام قوناغی ئەندامەکانی زاوزیی قوناغی کوتاییە لە گەشکردنی سیکسی و دەروونی، بەپیی بیردووزی فروید مرووڤ جووری دیاریکراو لەکەسایەتی وەردەگریت بەپیی جیگیربوونی لەو قوناغانەی ئاماژەمان پییکرد.بۆ نموونە:

کەسایەتی دەم، کەسایەتی کۆمی، کەسایەتی چووك، کەسایەتی ئەندامی زاوزیی.

**گەشەی دەروونی / کومەڵایەتی " Psychosocial ":** ئەریکسون وای دەبینی کە گەشەکردن دریژە دەکیشی لە قوناغی سیکسی منداڵی وەك چون فروید دیاریکردووە.

ئەریکسون 8 قوناغی دەروونی کومەڵایەتی دیاریکردووە بۆ گەشەی کەسیتی، یان گەشەی من (ego)، هەستی / دەم ; ماسولکەیی / کۆمی ; زاوزیی ; کپبوون ; بالغبوون و هەرزەکاری ; گەنجیتی ; پیگەشتوویی.

**بیردووزی دێنامیکی." dynamic"** ئەم بیردووزانە ڕەفتارەکان وادەبێنیت کە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هوکاری ئاڵووز و تیکەڵن، لە گرنگترینیان قوتابخانەی شیکاری دەروونی کە بە بیردووزی دینامێکی دادەنریت، فروید دەستەواژەی " ئەو " و " من " و " منی باڵا داهێنا بۆ لایەنە جیاوازیکانی کەسایەتی تاك.

" ئەو " لایەنی سەرەتاییە هەوڵی تیربوونی پاڵنەرە سەرەتاییەکان دەدات وەك (شەڕانگیزی و سیکسی)، چیژ لە قوناغی یەکەم دەردەکەویت لە گەشەکردن بەڵام هەر خیرا دەکەویتە ژیر کونترۆولی " من " کە هەوڵەدات کپی بکات.

بەڵام " من " دوای چیژ دەردەکەویت کە بە بزوینەری ڕەفتاری کومەڵایەتی دادەنریت لەلای کەسانی تر قبووڵ کراوە.من هەمیشە هەوڵەدات کونتڕووڵی چیژ بکات، کە بەدوای تیربوون و هەوسبازی دەگەڕیت، هەر لە کونەوە بەڕهەلستی هەبوە لەنیوان چیژ کە کاری تیربوونی لایەنی سەرەتاییە لەگەڵ من کە کاری دواخستنی من و تیرکردنە بە پڕنسیپی واقعی کار دەکات.

بەڵام بەشی سی یەم کەسایەتی " منی باڵا " یە لە ئەنجامی ئەو ئەزموونانەی من درووست دەبیت لە واقعی کومەڵایەتی لەوانەش بەهاکان و ڕەووشت کە بریتیە لە ویژدانی مرووڤ، منی باڵا هەمیشە هەوڵی کامل بوون دەدات و هەوڵەدات تاك ئاڕاستەی ڕەفتاری کومەڵایەتی باش بکات.بویە کاتیك بەرهەڵستکاری ڕوودەدات لەنیوان من و منی باڵا قورسە بۆ من بڕیار بدات لیرەوە ڕاڕایی لە بڕیاردان درووست دەبیت.

کاتیك من دەکەویتە ناکوکی لەگەڵ منی باڵا بە نموونە ڕەوشتیکەوی، و چیژ بە تیربوونی سەرەتایی، من پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی میکانیزمی پاریزگاریکردن، یەکەم کپبوون و خەفەکردن، گەر ئەمە سەرنەکەوت پەنا دەباتە بەر میکانیزمی تر وەك نواندن، لادان، کەوتن و گوڕینی تا وابکات ڕاستی بشیوینێت بۆ پاراستنی کەسەکە.گەر لە کپکردن سەرکەوتنی بەدەستهێنا یان نەهێشتنی ئەو ئارەزووە سەرەتاییانە، بەڵام ناکوکی نیوان ئارەزووی چێژ و هوڵی زاڵبوونی منی باڵا بەردەوام دەبێت ئەمەش بەشیوەی نێشانەی دەروونی یان نەخوشی جەستەیی دەرکەویت

هەندیك لە نموونەی کەسایەتی ناسراو: ئەم ناوە کەسایەتیانە ڕووژانە دەبیێستین کە پۆلینکراوە بە پێی ڕەفتارەکانی بەڵام پشت ڕاست نەکراوەتەوە لەڕووی زانستی:

**کەسایەتی ڕووکراوە " Extravert "** کارل یونگ پێشنیاری بۆ کرد.وەسفی دەکات بەوەی کەسایەتی کومەڵایەتیە کە چێژ لە تێکەڵبوونی خەڵکی دەبینیت.

**کەسایەتی گوشەگیر " Introvert "** ئەمەش یونگ پێشنیاری کرد و داینا، کەسایەتی گوشەگیر بەوە دەناسرێت، کە داخراوە لەگەڵ خوی و حەز بەکارکردنی تەنها دەکات، پیچەوانەی جوری یەکەم

**کەسایەتی هەڵچوو " Emotionally labile "** واتا کەسایەتی ڕاڕا و شڵەژاو، و مەزاجی، کە خیرا هەڵدەچیت و هەستی تووڕەبوون کونتڕووڵ ناکات.

**کەسایەتی ڕاڕا " Obsessive "** کەسەیاتی ڕیکخراو و ووردبێن و حەز بە خاوینی دەکات.ئەمەش بەرامبەر کەسایەتی کۆمیە لە شیکاری فروید.

**کەسایەتی هستیریا " Histrionic "** حەز بە چێژ بێنین دەکات لە ژیان.زیادەڕوویی دەکات لە بەخشێنی هەستەکانی.ڕووڵ و نواندنی زوور بەباشی دەزانێت.کراوەیە لەگەڵ کەسانی تر.ئارەزووبازە.

لای هەندیك کەس بەرامبەر " کەسیتی چووك " یە بە پێی دابەشکردنی فروید.

تێبینی: تکایە جیاوازی بکە لەنیوان ئەم کەسایەتیە و کەسایەتی شڵەژاو، شڵەژانی هسترِیایی "

**کەسایەتی زوور لەخوکەر "Compulsive "**: بە ڕەفتاری نموونەیی وەسف دەکرێت، بۆ نموونە ئەوانەی زیادەڕوویی دەکەن لە پاك و خاوینی، ووردبێنی بەڕیگایەکی زیادەڕوویی لە کرداری هەژمارەیی.

**کەسایەتی زووردار " Authoritarian "**: بە ڕەفتاری پارێزراو جودا دەکرێتەوە.گوماناوییە لەکەسانی تر، حەز دەکات سوکایەتی بەکەسانی تر بکات، لەگەڵ ئارەزووکردنی بە بەڕیوبردن و کونتڕووڵکردن و هێز.

**کەسایەتی شەڕانگێز " Aggressive "**: کۆمەڵێك خەسڵەتی کەسایەتی هەیە دژ بە کومەڵگان دواتر لەسەری دەدوێن.لە گرنگترێنیان ڕەقی و توندوو تێژ، نەدانی مافی کەسانی تر.

**کەسەیاتی چوون یەك " نە شلّەژاوو":** سەختە چوون یەکی لە کەسایەتی دیاری بکریت چونکە پێوەری تایبەتی چوون یەکی لە کومەڵگایەك ەوە بۆ کومەڵگایەکی تر جیاوازە.بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵین چوون یەکی واتە گونجاندنی دەروون لەگەڵ ژێنگە.

**هلجار 6 بنەمای سەرەکی دادەنێت بۆ چوون یەك بوون:**

1ـ درك پێکردنی واقع.

2ـ خودناسی، لەڕووی پێداویستی و هەستەکان.

3ـ کونترۆوڵکردنی هەست و ڕەفتار

4ـ ڕیزگرتن و خۆ قبوڵکردن

5ـ توانای درووستکردنی پەیوەندی بەردەوامی خێزان و کومەڵایەتی درووست

6ـ توانای بەرهەمهێنان.

**کەسایەتی شڵەژاوو " Disordered personality ":**

کەسایەتی شڵەژاوو یاخود نارێك کاتێك دەبێتە خەسڵەتی کەسێتی ئەوا ڕەق، کەللەڕەق دەبێت، بۆ خاوەنەکەی دەبێتە ئازاریکی دەروونی و کوسپیك لەبەردەم گونجانی پێشەیی و خیزانی و کومەڵایەتی.

**خەسڵەتەکانی شڵەژانی کەسایەتی:**

ـــ شڵەژان زوورکات لە تەمەنی هەرزەکاری و سەرەتای پێاوبوون دەست پێدەکات.

ـــ شڵەژان دریژخایەنە بۆ خاوەنەکەی

ـــ کەسی توشبوو باسی نێشانەکانی ناکات، چونکە هەستەکانی و هزری سەراوژیر کراوە لەلایەن کەسیتی " من " بویە هەڵدەچیت گەر پێی بڵین سەردانی پزیشك بکە یاخود چارەسەر وەربگرە.

ـــ کەم بەرگەی فشارەکان دەگرن بویە هەمێشە ڕاڕان و بەئاسانی هەڵدەچن

ـــ لایان ئەستەمە خویان بگونجینن لەگەڵ ژینگەی دەورووبەریان.

ـــ بەشیوەی مەترسی گومانیان لەسەرە تووشی نەخوشی دەروونی و ئەقڵی بن.

هۆکارەکان

1ـ هۆکاری بووماوەیی

2ـ ئەزموونی منداڵی لەڕووی لادانی ڕەفتاری

3ـ هوکاری پەیوەست بە مێشك

**کەسایەتی دژ بە کۆمەڵگا " Anti social personality disorder ":**

خەسڵەتی سەرەکی ئەم شڵەژانە جوری ڕەفتاری نابەرپرسانەی دژی کۆمەڵگایە، ئەم شڵەژانە لە هەرزەکاری دەستپێدەکات تا پیری، لە نیشانەکانی

ــ شکاندنی یاساکان بەبەردەوامی

ــ فیلکردن و فریودان

ــ هەڵچوون و دەمارگیری بی لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکەی

ــ دەستدریژی و زیادەڕوویی لە موڵکی کەسانی تر

ــ هەڵنەگرتنی بەرپرسیاریتی

ـ پێنەدانی ماف و گرنگی بەکەسانی تر.

ئەم کەسایەتیە 5% تووشی ڕەگەزی نێر دەبێت و ڕیژەکەی زیاترە لە ڕیژەی ڕەگەزی مێ.

## کەسایەتی مازووخی (ماسووشی)

ئەو کەسایەتییە کە چێژ و ئارامی دەبینێت لەوەی کەسانی تر ئازاری بدەن لەڕووی جەستە و معنوی، بویە هەوڵەدات وا لەکەسانی تر دەکات ئازاری بدەن.

## کەسایەتی بەهێز

دەستەواژەی کەسیتی بەهێز: هەندیك وای دەبێنن کەسیتی بەهێز توانای زاڵبوونە بەسەر کەسانی تر.ئایا ئەو ماموستایەی قوتابی لێی دەترسیت کەسایەتی بەهێزە؟

هەرکەسیك بێرووبوچونی بسەپێنیتە سەر کەسانی تر کەسایەتی بەهێزە؟

کەسیتی زاڵ کە خواستی ڕەت ناکریتەوە بە کەسێتی بەهێز دانانریت، لەوانەیە بە ترس و توقێن بووچونەکانی خۆی بسەپێنیت...ئەو ماموستایەی قوتابێکان لێی دەترسن لەوانەیە هەڕەشە لە قوتابێکان بکات یان لێان بدات بویە بە کەسیتی بەهێز دانانریت.

هەندیکی تر وای دادەنین کەسیتی بەهێز ئەوەیە کە زیاتر پارە کۆدەکاتەوە لە کەسانی تر و پێگەی کومەڵایەتی هەیە.

هەندیکی تر ئەو کەسانەی بە سەرکەوتوویی لە هەڵوویستە جیاوازەکان ڕزگاریان دەبێت بەکەسێتی بەهێز لە قەڵەم دەدەن.

لە ڕاستیدا سەرکەوتن لە هەڵویستی جیاواز لەوانەیە ڕەفتاری خراپ بیت بۆ نموونە بازرگان بە درو و فریودان سەرکەوتوو بێت ئەم پێناسەیەش قبووڵکراونیە

کەواتە چ پیناسەیەك ڕاستە ؟

کەسایەتی سەرکەوتوو...ئەو کەسایەتییە کە بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن و پێشکەوتن.

خاوەنی ئەقڵی بەردێنی...کەسیتی لاوازە

کی سوود لە تەندرووستی و کاتەکەی نەبێنیت...کەسیتی لاوازە

کی ڕەفتارەکانی باش نەکات و واز لەهەڵەکانی نەهێنی...کەسیتی لاوازە

**خەسڵەتەکانی کەسیتی بەهێز**

کەسایەتی هاوسەنگ و چوون یەکە، تەواوکاری خەسڵەتەکانی کەسیتی پیك دیت لە کاریگەر بوونی لەگەڵ خەسڵەتە جیاوازەکانی تر، بەجوریك گوڕانکاری لە خەسڵەتیکی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسایەتی.

**مەرجەکانی تەواوکاری کەسیتی**

أ ــ یەکگرتنی خەسڵەتەکانی

ب ــ خاڵی بوون لە ناکوکی دەروونی هەست و نەست

ج ــ هاوسەنگبوونی پاڵنەرە جیاوازەکان و ڕیکخستنیان.

جی بەجی کردنی ئەم مەرجانە پیویستی بە بوونی بووماوەیی سووك و بی کێشە هەیە، لەگەڵ پەروەردەیەکی درووست لە قوناغی منداڵی، و ئاڕاستەیەکی تەندرووست لە تەمەنی هەرزەکاری.

**ژیاننامەی دکتۆر ئیبراهیم فەقێ لە چەند دێڕیکدا**

ــ دامەزرینەر و سەروکی ئەنجومەنی کارگێڕی کومەلەی کومپانیاکانی ئیبراهیم فەقیی جیهانی یە.

ــــ دامەزرینەر و سەروکی کارگێری ناوەندی کەنەدی بو گەشەپێدانی مرویی (CTCHD) و ناوەندی کەنەدی بۆ خەواندنی مۆگناتیسیە (CTCH) و ناوەندی کەنەدی بۆ هێزی وزەی مرۆیی (CTCPHE) و ناوەندی کەنەدی بۆ پرۆگرامسازیی زمانەوانی دەمار (CTCNLP) یە.

ــ دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی کۆمپانیای کیوبسس (CIS) ە.

ــ دکتورا لە زانستی میتافیزیك لە زانکوی لۆس ئەنجلوسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ــ وەرگری خەڵاتی ڕیزلێنانی پلە یەکی ئاکاری مروییە لەدامەزراوەی ئەمریکی بۆ میوانخانەکان.

ــ نوسەر و دامەزرینەری زانستی " دینامیکیەتی خوگونجاندنی دەماریە ( NCD) "

ــ نوسەر و دامەزرینەری زانستی هێزی وزەی مرویی (PHE ) ە.

ــ پسپۆڕی جیهانی و ڕاهینەری پشت پیبەستراوە لە : گەشەپیدانی مروویی و پڕوگرامسازی دەماری ــ خەواندنی موگناتیسی ــ ڕیکی ــ تێفکرین بەهێمنی ــ یادگە یە.

ــ ڕاهینەری لیهاتوو بۆ گەشەپیدانی کومپانیا و دامەزراوە و دەزگا حکومیکان و ناحکومیکانی کیوبیکی کەنەدایە.

ــ هەڵگری 23 بڕوانامەی دبلوم و سی بڕوانامەی باشترین پسپۆرییە لە بواری؟گەشەپیدانی مرویی و کارگێڕی و فروشتن و بازاڕیکردن.

ــ وەك بەڕیوبەری گشتی لە چەندین ئوتێلی پێنج ئەستیرەیی لە مونتریاڵی کەنەدا کاری کردووە.

ــ لە هەموو جیهاندا زیاتر لە 600هەزار کەسی ڕاهیناوە لە ڕیگەی وانە و خول و گەشتەکانی بەدەوری جیهاندا ، بەهەرسی زمانی فەڕەنسی و عەرەبی و ئێنگلیزی وانەی وتوتەوە.

ــ پاڵەوانی پیشووتری میسرە لەتینسی سەر میز ، لەساڵی 1969 دا وەك نوینەری میسر بەشدار بووە لە پاڵەوانیتی جیهانی تێنسی سەر میز لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا.